

# شەقشەقەکەی مامە

# جەلال ئەم سەردانەت بۆنی خۆيني لێدی ...!

## جەزا چنگیانی

لەبەر ئەوەی مرۆڤی کورد بە ڕێژەیەیکی زۆر مرۆڤی سادە و بێ سەوادن ئەگەر لە مانای سیاسی و فەلسەفی ووشەی شەقشەقە تێنەگەن شتێکی سەیر وسەمەر نیە .. شەقشەقە ئەو ئەسباب بازییە سەرتاییە کە منداڵی شیرە خۆرە لە کاتی گریان و کرووزانەوەدا پێژیردەکرێت . من مەبەستم ئەم شەقەقشەیە نیە بەڵکو شەقشەقەی سیاسیە سەردانەکەی جەلال بۆ ئەمەریکا و خوێندنەوەی ( 67 ) ووشە بە زمانی کوردی و بەرگە کوردیەکەی خانمی یەکەمی عیراق ( هیرۆخانم ) لە هۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆتە هۆی بابەتێکی گەلێك گرنگ بۆ ژیرکردنی مرۆڤی کوردی سادە و ساکاری کۆمەڵگا. بێگومان دەستگا میدیاکانی جەلالی و هیرۆییەکانی سلیمانیش بە تایبەتی ( کوردسات )ئەم سەردانەی جەلالیان کردۆتە مەتریاڵێکی گەلێك گرنگ بۆ هەواڵ و ڕیپۆرتاجەکانیان . ئەوان مافی خۆیانە چۆن بیر دەکەنەوە چۆن جەلال و خاو خێزانی پیرۆز دەکەن . ئێمەش نەتەوەیەکان نەك مافمانە بەڵکە ئەرکمانە هەموو ووشە و هەناگاو هەڵویستێکی ئەم جاش میژووییە کە لەسەر خوێنی شەهیدانی نەتەوەکەمان بۆتە سەرۆك کۆماری وولاتێکی کۆلۆنالیستی بەشێکی کوردستان بە (مۆڕاڵ و ئەرکی نەتەوەیمان ) هەڵیبسەنگینین . تائیستا ئەم زەلامە هەرچی کردبێ و لە داهاتوشدا

بیکات لە خزمەت کێشەی سەرەکی مرۆڤی کورددا نیە و نەبووە . بۆ؟؟؟ لە هیچ زەمەنیکدا گرفتی مرۆڤی کورد ئەوە نەبووە کە کەسێکی بەرەگەز کورد دەسەلاتی لە سیستەمی ئەو ولاتانەدا هەبێ کە کوردستاتنیان کۆلۆنیالی کردووە. بەڵکو پرسیارەکە لە نەبوونی ماڤە مرویەکانی مرۆڤی کوردوەوە هاتووە . کە تائیستا هیچ کادیرێکی سیاسی کوردی سەر بە دەوڵەتە کۆلونیالیستەکانی کوردستان نەیان توانیەوە لەبەر بەرژەوەندی تاکی خۆیان نەیانویستوە ئاوڕێك لە مرۆڤی کوردی داماو بدەنەوە بەڵکو بوونەتە کادیرێکی ئەکتیفی چەوسانەوەی مرۆڤی کورد . گرفتی سەرەکی ئیستا مرۆڤی کورد دەنگدانە بە دەستورێك کە کوردی ئیستا و نەوەکانی داهاتوشی پێ کەلەپچە وسامانی نیشتمانی کوردەکانی پێ تالان دەکریت . ئیستا هەموو هەوڵێکی جەلال و هاوئاهنەگەکانی لە خشتە بردنی مرۆڤی کوردە تا بەو دەستورە دەنگ بدەن کە 100٪ لە بەرژەوەندی ناسیونایستی دری عەرەب و فارس و تورکە . بۆ ئەم مەبەستە دەسەلاتدار پیویستی بە رکلامەیەیکی وا بە هێز هەیە کە دەنگی مرۆڤی کورد بۆ دەستور کۆبکاتەوە . گەر لە ئاستی بەرژەوەندی کورد بروانینە ئەم سەردانەی جەلال بۆ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەبینین هیچ خزمەتێکی بۆ گرفتەکەمان نیە . کاتیك ئەم سەردانە دەبووە فاکتەری دڵخۆشی بۆ کورد کەهیچ نەبوایە ئەنفال وەك جینۆسایدی نەتەوەیەك لە ( UN ) پێناسە بکرایە , وەك جینۆسایدی ئەرمەنێکان لە ساڵی1915 لە لایەن تورکەکانەوە جینوسایدی جولەکەکان لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە ( هۆلۆکۆس) . دەستکەوتی میللەتی کورد لەو سەردانەدا دەبوایە دەستنیشانکردنی سنوری باشوری کوردستان وپاشە رۆژی ویلایەتی موصل بوایە . ئەوان کە ئامارژە و دڵخۆشن بە بەڵگە میژووی و جوگرافیەکانی جەختکەری کوردستان بوونی کەرکوك و شارە داربراوەکانی تری کوردستان ئەی بۆچی کوردستان بوونی ئەو ناوچانە دەخەنە مەزادی سیاسیەوە(مساومە ) کاتێك ئەم سەردانە سەرکەوتوو دەبوو کە ڕێکەوتنامەکانی کورد و دەوڵەتی عیراق لە (UN ) جەختی لەسەربکرایە کە کوردستان بوونی ویلایەتی موصل بەو هەموو بەڵگە میژوییەنایەی کە لە ئەرشیفی موزەخانەکانی جیهاندا هەیە . ئەوان جەلال و هیرۆخانم بۆ وینەگرتنی یادگاری لە تەك سیاسیەکانی جیهاندا چون نەك بۆ کاریکی سیاسی کوردی ووتنی 67 ووشە چ ڕۆڵ و نرخێکی بۆ دڵنایی بوونی مرۆڤی

کورد لە چارەنووسی هەیە . ئایا ئەو 67 ووشەیە بەڵگە و سەرەتاییە بۆ درۆست بوونی دەوڵەتی کوردی ؟؟؟ یان شەقشەقەیە و مرۆڤی سادەی کوردی پیێ لە خشتە دەبەن .

بەرگە کوردییەکەی خانمی هیرۆ نرخەکەی تەنیا ئەوەیە خۆی پێوە بابدا بەرزی بەرگەکانی هیرۆخان و کەسانی تریش هەڵگرتنی لافیتەیەك دەبوو داوای سزادانی ئەو کومپانیانەیان بکردایە کە کۆمەکی کیمیاویان بەصدام و داوای قەرەوەبووی ناوچەکیمیاوی بارانکراوەکانی کوردستانیان بکردایە ...

**سەردانەکەی سەرۆکی عیراق و ڤۆنتەراتی شەڕێکی تری براکوژی** . یەکێك لە چالاکییەکانی جەلال لە ئەمەریکا چاوپێکەوتن بووە لە تەك سیاسەتمەداراندا بەتایبەتی سەرۆکی نۆی ئیران و سەرۆك وەزیرانی تورکیا . چاوپێکەوتنی سەرۆك



وەزیرانی تورکیا بۆنی خوینی لێدەهات سەرۆك وەزیرانی تورکیا داوای لە جەلال کردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی ووتەکان و هەڵویستی بێگومان ئەو مەبەستی دژایەتیکردنی تیرۆر بوو کە جەلال لە زۆر شویندا جەختی لەسەرکردبوو و لە مەڕ گرفتی پارتی کریکارانی باکوری کوردستان بوو پێش ئەم بەیەکگەیشتنە جەلال لە چاوپیکەوتنیکی لە تەك ڕۆژنامەی حریەتی تورکی پارتی کریکارانی کوردستانی بە ڕێکخراویکی تیرۆرست ئامارژەکردبوو بۆیە زرنگی دبلۆماسیتی تورکی بۆ ڤۆستنەوەی ئەم ووتەیە بەڵینی ئەوەیان لە جەلال وەرگرتوە ئەگەر تورکیا هیرش بکاتە سەر هێزەکانی پارتی کریکارانی کوردستان ئەوە سوپای عیراق و پاسەوانی هەریم ( هێزی پیشمەرگە ) لە پێش سوپای تورکیاوە پەلاماریان

دەدەن . بێگومان کوشتنی کورد لە مۆراڵی جەلالدا وەك کوشتنی میشولەی مەلاریا وایە خۆ درۆمان نەنوسیەوە ئەی ساڵی 1992 بەناوی پاراستنی هەرێمی ئارامی باوەشی هێڵی 36 یەکەم بڕیاری بەرلەمان کوشتنی کوردی باکور نەبوو ؟؟. ئەی لە ساڵی 1964 ئەم سیاسیە کوردییە پاڵەوانی یەکەم و ئەندازیار شەڕی براکوژی نەبووە ؟؟؟.ئەی ئەوەنیە یەکەم لەمپەر لەبەردەم هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردووی میری بادینان وسۆران هەر جەلالە ؟؟؟

هیوادارم ئەم بۆچونانەی من گشتی خەیاڵ بیت بە هیچ شێوەیەك کوردێك کوردێك نەکوژی ... وەلی ئەگەر پاش ماوەیەك شەڕی براکوژی لە نێوان کوردی باشور و باکوردا ڕوویدا ئایا جەماوەری کوردی لە باشوردا ڕادەپەڕی ؟؟؟

من دەڵێم نەخێر ...

بۆ........؟؟؟؟

چونکە گەلی کورد لە باشوردا هێندە گەوجە بە شەقشەکەی مام ژێر دەبێت.

سان پیترسبۆرگ 20/09/2005
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de